حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەڵاحەدین
کولێژی زمان ـــ بەشی زمانی کوردی
قۆناغی یەکەم

# ئەدەبی فۆلکلۆر

# – ئەرکەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر

**ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بەشێوەیەکی تایبەتی ژمارەیەك ئەرکیان هەیە گرنگترینیان ئەمانەن :**

یەکەم:–پارێزگاری کردن لە قەوارەی مەعنەوی کۆمەڵگا... واتە پاراستنی بیروباوەڕ عورف و عادەت و خووڕەوشتی جوانی باپیران، بۆ ئەم مەبەستە هەمیشە دەقە فۆلکلۆری و ئەدەبییەکانیش بەگشتی بە دوو شێوە کاردەکەن:

**أ**–لەلایەك بەها ڕەوشتییەکانی وەکو( ڕاستی ، ئەمانەتپارێزی ، دەستپاکی، خۆشەویستی ، تەبایی، دادپەروەری، ... بە جوانی نیشان دەدەن و خۆشەویستیان دەکەن..)

**ب** لەو لاوەش دژە بەهاکانی وەکو ( درۆ، ناپاکی ، دزی ، ڕەق و قین دژایەتی ، نارێکی .....) ناشرین دەکەن و هەمیشە بەو شێوەیە پیشانیان دەدەن، کە ئادەمیزادەکان لە ئەنجامی خراپییان وشیار ببنەوەو بۆیان دەربکەوێت ئەم دژە بەها خراپانە چ زیانێك لە ئادەمیزادەکان دەدەن.

**دووەم**–بەرەوپێشبردنی گوێگر یان خوێنەر لە هەموو ڕووێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەقڵی و .....

سێیەم:–بەخشینی لەزەت بە گوێگر ، یان خوێنەر•

**چوارەم:**- کردنەوەی ئەقڵی ئادەمیزاد و گەورەکردنی ، ئەمەش بە تێگەیاندنی ئادەمیزادەکان، کە دنیا زۆر گرنگترو گەورەتر لەوەی هەریەکە تێیگەیشتووەو ئەگەر یەکێك وابزانێت ئەوەی هەیەتی تەواوی شتە باشەکانە ، ئەوا لە ڕاستیدا وا نییەو زیان دەکات ، چونکە بەم تێگەیشتنە نا دروستەی ڕێگەی بەرەوپێشچوون لەخۆی دادەخات و لەدواکەوتووییدا چەقدەبەستێت.

**پێنجەم:**– زۆرێکی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان ڕۆڵی باش دەبینن لە پەروەردەکردنی منداڵاندا.

# مێژووی ئەدەبی فۆلکلۆر

- مێژووی پەیدابوونی فۆلکلۆر زۆر کۆنە، بۆیە لەم بارەیەوە زانایان ڕای جیاوازیان هەیە، لەم ڕووەوە هەندێك دەڵێن دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ ، کە مرۆڤی ئەم سەردەمە ، بە ڕاو وماڵی کردنی گیانەوەران و تەڵە نانەوە و کشتوکاڵ ، رۆژگاری بە سەر بڕدووە، تەوری دەستی لەم قۆناخەدا ئامرازی سادەبووە
- وە هەندێکی تر پێیان وایە  لە گەڵ پەیدابوونی ئەدەب دا ئەویش پەیدا بووە ، چونکە فۆلکلۆر پایەیەکە لە پایە بە هێزو پتەوەکانی ئەدەب

- ئەوانەی ئەم زانیاریە دەخوێنن دەڵێن : مێژووی فۆلکلۆر بەش دەکرێت بۆ سێ قۆناغ، قۆناغی کۆن، کە لە سەرەتای مێژووەوە دەست پێدەکات تا سەدەی نۆزدەهەم ، قۆناغی دووەم ،کە زانیاریی فۆلکلۆرە، قۆناغی سێیەمیش ئەوەیە، کە فۆلکلۆر خرایە شێوەو شێوازو بنچینەی زانیارییەوە

–وەك دەزانین مێژووی فۆلکلۆر لەگەڵ ژیانی مرۆڤ دەست پێ دەکاشت ، هەر لەو کاتەی کە مرۆڤ هەوڵی بە دەست هێنانی بژێویە سەرەتایی یەکانی ژیانی داوە، وەکو تاکە مرۆڤ پاش ئەوەش لە گەڵ مرۆڤانی دیکە گفتوگۆی کردووە، واتە لەو کاتەی زمان پەیدابوو، چونکە زمان بە سەرەکیترین ئامرازی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان دادەندرێ واتە هەرلەوکاتەی مرۆڤ دەمی گۆی کردووە بالۆرە بکاودەستی هێناوێتی کەلو پەل و ئامێرەکانی لەگڵو بەردو دارو بەرهەمی گیانلەبەرو ئاژەڵ دروست بکاو زمانی پڕاوەو بەکاری هێناوە بۆئاخاوتن ولەیەك گەیشتن لەوکاتەوە بەشەکانی کەلەپوور (فۆلکلۆر) پێکهاتووە .

زاناكانیش زۆربەیان لەسەر ئەوە كۆكن ، كە سەرەتاو ماوەی پەیدابوونی زمان لەنێوان (ﺑﺮﺑﺮﺑﺮ□ﺑﺮ□ﺗﺮ) سەدو پەنجا هەزار ساڵ تا (ﺑﺮﺑﺮﺑﺮ□ﺑﺴﻪ) سی هەزار ساڵ پێش زایین دروست بووە ، ئەم زەمەنەش زەمەنی مرۆڤی (نیاندەرتاڵ)ە، لەو زەمەنە كە لە ئەشكەوت ژیاوە

واتە هەر لەو كاتەی ، كە مرۆڤ لە ئەشكەوت ژیانی بەسەر بردووە بەشەكانی فۆلكلۆر سەری هەڵداوە،

–بەڵام سەبارەت بە مێژووی كۆكردنەوەی فۆلكلۆر ئێمە ئەتوانین بڵێین : كە فنلندەیەكان بە پێشرەوی گەلان دائەنرێن بۆ كۆكردنەوەی فۆلكلۆر ، چونكە لەساڵی □بی□ﺗﺮ.ز، دا دەستە گۆرانی یەك بڵاوكرایەوە بە ناونیشانی (( گۆرانی سیحرو سیحربازی ، و لە ساڵی ﺑﺮﺑﺮﺑﯽﺗﺮ كۆمەڵە پەندێكی پێشینانیان بڵاوبۆوە

ئەوەی جێی ئاماژە پێكردنە ڕووكردنە فۆلكلۆر و كۆكردنەوەی فۆلكلۆر شتێكی بە ڕێكەوت نەبوو ، بەڵكو زادەی پەرەسەندن و گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتی بوو، لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمانسی لە ئەدەبی ئەوروپاییدا و ڕاماڵینی كەلەپوور لە ئەنجامی پێشكەوتنی تەكنۆلۆژیا كارێكی وای كرد زۆر لە ڕۆمانسییەكان بە پەرۆشەوە دەست بە گردكردنەوەی هەموو شتێك بكەن ، كە پەیوەندیی هەبێ ، یان بەشێك بێ لە كەلەپووری نەتەوایەتی

ئەوەبوو هەردوو زانای ئەڵمانی ، بەناوی "یەعقوب و ویلهیلم جرایت" ، کە دووبرابوون دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیی گەلی ئەڵمانیا وتەی دەماودەم و چیرۆك و ئەفسانەیان کۆدەکردەوە ، لە ئەنجامدا جوانی و نرخی وتەی کۆنی ئەڵمانییان خستە بەرچاو ، ئەم دوو برایە لە سەدەی پێشوودا لەبەینی زانایانی زانیاریی فۆلکلۆردا جێگەیەکی بەرزیان هەبووە ، چەندان کتێبی گرینگیان پێشکێش کرد ، ئەم بەرهەمانە زانایانی تری بزواند لە ڕووسیاو بەریتانیاو فەرەنساو، سەرووی ئەسکەندەناڤیا بۆ چاولێکردنیان ئەوەبوو ئەم وڵاتانەش دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی فۆلکلۆری خۆیان و هەریەکەو لەژێر ناوێك بڵاو دەکرانەوە ناوی فۆلکلۆر هەر نەزاندرابوو تا ساڵی ( شمتی‌تر) ، کە (ویلیەم جۆن تۆمس) زاراوەی فۆلکلۆری بەکارهێنا بۆ کەلەپووری نەتەوایەتی

-هەر لەم سەردەمەشدا لێکۆڵینەوە لە بەشەکانی فۆلکلۆر دەستی پێکرد تاوای لێهات بووە هۆی دروستبوونی گەلێ ڕێباز یاخود( قوتابخانە) ی فۆلکلۆری ، وەکو قوتابخانەی میتۆلۆژی ، قوتابخانەی ڕۆژهەلاّتی ، قوتابخانەی ئەثنۆپۆلۆژی، قوتابخانەی سایکۆلۆژی ، قوتابخانەی فینلەندی ، ئەم قوتابخانانەش ، هەریەکەو لەڕوویەکەوە لەفۆلکلۆریان دەکۆڵیەوە، بەم جۆرە فۆلکلۆر خرایە سەر شێوەو شێوازی بنچینەی زانیارییەوەو زانایان هەوڵیاندا فۆلکلۆر لە نێوەندی زانستیەکاندا بخوێندرێ ، بووە هۆی ئەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی رسمییەکانی جیهان دانی پێدابندرێت ، ئەوەبوو بۆیەکەم جار لە زانکۆی هلسینکی لە شاری فنلندە لەساڵی ١٨٨٨ز، دانی پیانرا، کە فۆلکلۆر زانستێکی سەربەخۆیەو لە بەرنامەی زانکۆ چەسپکرا دواتر پەڕیەوە بۆ ناو ولاّتەکانی تری ئەوروپا بلاّوبۆوە ، بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٢٨ز ، لەلایەن ( عصبە الامم) دانی پێنرا وەکو زانستێکی سەربەخۆ ، بەم جۆرە فۆلکلۆر بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لەدیدی کۆمەڵگاوە ڕوویدا ، ئیتر رۆژ بەرۆژ پتر بلاّوبۆوەو بەهۆی زانستی جیاجیا لێکۆڵدراوەو دواجار چەندین رێبازی تایبەت بەفۆلکلۆر سەری هەڵداو زۆر زاناو پسپۆری تایبەت بە فۆلکلۆر ناوبانگیان لەم بوارە پەیداکرد.

## بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر

–پێویستە هەردوولایەنی فۆلکلۆری سەرزارەکی ، کە ( ئەدەبی فۆلکلۆر) ە، جیا بکەینەوە لەگەڵ لایەنی ئەثنۆ گرافیا ، کە لایەنە دەستکردەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە ، چونکە زانستی ئەثنۆگرافیا و فۆلکلۆر لە وولآتە سۆشیالیستەکاندا بەدوو زانست و دوو بابەتی جۆراو جۆری تایبەت دادەندریێ ، دیارە ئەدەبی فۆلکلۆر بەشێکی گرنگی فۆلکلۆرە ، ئەو بەشە سەرزارەکییەیە ، کە خۆی لە رۆشنبیری گەل و کۆمەڵ دەنوێنیێ,کەزۆربەی بەشەکانی ئەم بابەتە بەباشی و رێگایەکی زانستیانە تۆمارنەکراوەو هەتا لێکۆلینەوەشی دەربارەی نەکراوە ئەو بەشانەی کەکۆکراوەتەوە لێکۆلینەوەشی دەربارەی کراوە هێشتا سەرەتاییە وەهەر نووسەرێك بە جۆرێك بەشەکانی ئەم ئەدەبەی دیاریکردووە ,کەتارادەیەك دابەشکردنەکانیان لەیەك نزیکە ,بۆیە لەکۆی سەرجەم ئەم دابەشکردنانە دەتوانین بەشەکانی ئەم ئەدەبە بەم جۆرە دیاری بکەین:

-پەند
- قسەی نەستەق .
- گۆتەی نێو خەڵك .
- ئیدیۆم .
- نوكتە ( گاڵتەو گەپ ).
- مەتەلۆك ( مەتەڵ).
- هەقایەت
-ئەفسانە
-داستان
-گۆرانی

-

# پەند

**پەند** : بەرهەمێکی فۆلکلۆری زۆر کۆنی باب و باپیرانە ، لەئەنجامی بەسەرهات و کارەساتەوە لەهەموو ڕوویەکی ژیانەوە ، کە بەسەریان هاتووە جۆرە پەندێکیان لێ وەرگرتووە و بەچەند وشەو پەیڤێك یان چەند ڕستەیەکی کورت و ڕەوان ، بە هەڵبەستێکی سادەو ئاسان کە زیرەکی خۆیان و یاسای ژیانی ئەوکاتەو ، لەوەپاش نیشان دەدات ، ڕێکیان خستووەو بەیادگار بۆ نەوەی دوایی بەجێیان هێشتووە ، کە لەژیانیاندا لەسەری بڕۆن و بەو ڕەنگە ڕەفتاربکەن .

( شێخ محمدی خاڵ) دەربارەی پەند دەڵێت : ( فەلسەفەی ژیان و ، دەنگی تاقیکردنەوەی جیهان و بەری ڕەوانبێژی ڕەوانبێژانە ، کە باو باپیران لە هەزاران ساڵەوە ، بە کەلەپورێکی وێژەیی بۆیان بەجێهێشتووین ، تابیان کەین بە ئاوێنەی بالأنما بۆخۆمان )

بەرزی فەلسەفەی پەندی پێشینان لەوەدایە ،کە کورتە کورتیەکەی لە ئاکامی چڕکردنەوەی واتایەکی فراواندا هاتووە ، هەر ئەمەش وا دەکات ، کە لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی زۆر لە خۆبگرێت ، واتە ئەو ڕەوشتی کۆمەلآیەتیانەی کە بە شێوازێکی جوانکاری ڕازاونەتەوە، یەکێکە لەو پالْپشتیانەی وای کردووە ، پەند زیاتر لە بیرەوەری میللەتی کورد بلآو بێتەوە، کە گوزارشت لە فەلسەفەی ئەم میللەتە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا دەکات بۆ نموونە ، ئەگەر بە قوولْی سەیری ئەم پەندە بکەین ، کە باس لە چەرمەسەری مرۆڤی کورد دەکات "کردەی من و بردەی تۆ"، ئەم پەندە شەقلْی تایبەتی میللەتی کوردە بەڕەنجی شانی خۆی نان پەیدادەکات ، کە فەلسەفەی ژیان هەولْ و کۆششە، بەلآم دوژمنی ئەوەیە، کە تەمبەلْ لە سێبەر دادەنیشێت لەسەر بەری ڕەنج و ماندوو بوونی خەلْك ، یاخود گوتراوە ((زکی تێر های ژیێ برسی نینە)) لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کەسی دەولْەمەند لەو پەڕی خۆشی ژیان دا دەژی لە هیچ شتێ کەم و کورتی نییە، ئاگای لە کەسێ نییە، کە لە ژیانێکی تالْ و ناخۆش و پڕ چەرمەسەری دا دەژیت.

ئەم کورت بڕی و پڕ واتاییەی پەندەکان وای کردووە لەلای خەلْك ڕێزێکی زۆری هەبێ  لە دوای ئایەتی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ،وەك بەندی دەستورو یاسا دەوری خۆی گێڕاوە لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خەلْکەکە بەم جۆرە پەندی پێشینان بەردەوام  ڕۆژانە لە سەر زمانی خەلْکە و خەلْك لە وتەکانی دا پەنای بۆ دەبات ، بۆ بەهێز کردنی وتەکانی و کاریگەریی لەسەر کەسی بەرامبەر,پەند بەشێوەیەکی گشتی لەرووی دارشتنەوە یان رستەیەکی سادەیە یان دێرێك یان دوودێڕهۆنراوەیە ,بۆنموونە (کای کۆن بەبامەکە , هەرئەقلْەی لەخەسارەکی , زمان بیەلْێ سەر سەلامەتە, کوتك دەزانی قۆناغ لەکێیە .

## - گرنگترین ئەو سیفەت و تایبەتمەندیانەی ، کە پەندی کوردی هەیەتی :

**یەکەم:**-پەندی کوردی بەڵگەنامەو ئاوێنەی مێژووی هەزاران ساڵەی نەتەوەی کوردەو دەتوانین لەرێگەیەوە قۆناغەکانی مێژووی نەتەوەی کوردی پێ دیاری بکەین.

**دووەم:**–زۆربەی پەندە کوردیەکان پێوەرن بۆ پێوانی ڕادەی هۆشیاری و کارامەیی و لێهاتوویی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد.

**سێیەم:**– پەندەکان بەشێوەیەکی گشتی مۆرکی ئامۆژگارییان پێوە دیارە ، هەر بۆیە لەزۆربادا بوونەتە رابەرو رێبەرو رێنیشاندەری خەڵك و چارەی باشی بۆ کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو خەڵکە دۆزیوەتەوە.

**چوارەم:**– پەندی پێشینان چیرۆکێك یا ڕووداوێکی لەپشتەوەیە، واتە لەئەنجامی ڕووداو باس و بە سەر هاتێکەوە هاتۆتەئاراوە.

**پێنجەم**:-هەموو کات پەندی کوردی خوو ڕەوشت و ڕەفتاری چاکی لەناو گەلدا چەسپاندووەو تۆو گیانی خۆشەویستی و هاوکاری و زبارەو یاریدەدانی لە دڵیاندا چاندووە.

**شەشەم**:- لەسەر زاری هەموو خەڵکە ، واتە خۆیان بەر لەناوی خاوەنەکانیان بلاۆ بوونەتەوە، بۆیە هەمووخەڵك خاوەنیەتی ,هەربەهۆی زۆر بلاۆوییان لەهەرشوێنێك یان هەرقسەکەرێك بەشێوەیەك پەندەکان بەکاردێنن .

## -قسەی نەستەق

قسەی نەستەق تاکو ئێستاش لەگەڵ پەند هەرناویان بەیەکەوە هاتووە ، چونکە لەڕووی ناوەڕۆکەوە زۆر لەو نزیکەو لێك جیاکردنەوەیانلەگەڵ پەند ئاسان نییە، وەتاکو ئێستا بەشێوەیەکی بنبڕکراو پەندو قسەی نەستەق لەلایەن پسپۆرانی ئەم مەیدانە لێك جودا نەکراوەتەوە، تەنانەت لەناو دووتوێی فەرهەنگەکانیشدا ئەم دوو زاراوە تێکەڵ بەیەکدی کراون و تاکو ئێستاش هیچ توێژینەوەیەکی وورد لە سەر ئەم قسەنەستەقانە نەکراوە، بەڵکو هەر لەگەڵ پەندی ناوی هاتووەو لێکۆڵدراوەتەوە.

خۆی قسەی نەستەق بریتییە :لەو وتە جوان و کورت و پڕ مانایانەی، کە لەلایەن کەسانی بە ئەزموون و شارەزاو لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی ژیانی خۆیاندا ئەزموونیان لێ وەرگرتووە و وەکو وانەیەك بە نەوەکانیان و خەڵکی دەوروبەریان ڕاگەیاندووە.

# جیاوازی نێوان قسەی نەستەق و پەندی پێشینان

یەکەم:–پەندی پێشینان، چیرۆکێك یان ڕووداو و بەسەرهاتێکی لە پشتەوەیە، بەلاّم قسەی نەستەق هیچ چیرۆکێك و ڕووداوێکی لە پشتەوە نییە .

دووەم:–پەند بە شێوەیەکی گشتی زیاتر مۆرکی ئامۆژگاری پێوەیە، کەچی قسەی نەستەق بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەبەستی ئامۆژگاری کردن نییە، بەڵکو بیرکردنەوەیە ، واتە بەرهەمی بیرکردنەوەیە ، تێبینی دەرە لەسەر دیاردەیەکی گەورە ، کە لەوانەیە زۆرینەی خەڵکی بەو شێوەیە بیریان لیّ نەکردبێتەوە.

## -چەند نموونەیەك لەسەر قسەی نەستەق :

-ئەگەر ئاوت لە کانیەك خواردەوە بەردی تێ مەکە.

–هەموو کانیێ ئاوی تێدایە، بەڵام هەموو ئاوێك نا خورێتەوە.

–ڕووی ڕۆژ بە بێژینگ ناگیرێ.

– مار بە قسەی خۆش لە کونێ دێتە دەرێ.

## -ئیدۆم:

ئیدیۆم : ئەو گوتەیەیە ، کە قسەکەر دەریدەبڕێت و مەبەستی واتایەکی دیکەیە ، نەك واتای وشەکانی گوتەکە خۆی ,واتە ئیدیۆم ئەوەیە ،کە ڕاستەوخۆ ناوی شتێك نەبەی بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی کە پەیوەندیی بە مانای یەکەمەوە هەبێت بۆ ئەوەی پیاو لە مانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستە هێما بۆ کراوەکە بچیٚ .

زمانی ڕۆژانە پڕە لەلایەنی ڕەوانبێژی و ئیدیۆم، کە مرۆڤ لەکاتی دەربڕین دا پەنای بۆ دەبات، وەك لایەنێکی جوانی (جوانی و رەوانبێژیی ئیدیۆم لەوەدایە کە وێنەیەکی وا بۆ مەبەست و ماناکە دەکێشێت کە بە تەواوی و ئاشکرا هەستی پیٚ بکەیت و دەروونت بهە ژێنێت ) ئەمەش لەسەر بنچینەی لێکچواندن و هێما ئاراستە دەکریٚ، بۆ ئاکارو ڕەوشت، واتە :ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی مەوزوعی واقیعی نیشان نادات، بەڵکو لە ڕێگای پەیوەندییەوە لەگەڵ دیاردەیەکدا مانا دەدات

واتە دوو کەرەستەکە لەڕووی پێکهاتەوە هیچ پەیوەندیان پێکەوە نەبێ، بەڵکو لەڕووی ئەرکەوە پەیوەندی هەیە، بۆ نموونە، کە دەڵێ (دڵی وەکو بەردە)، پەیوەندی نێوانیان تەنها لە ڕووی ئەرکەوەیە، کە ئەویش (ڕەقیەتی) یە.

پەنا بردنە بەر ئەم جۆرە دەربڕینانەش، لەبەرئەوەیە، ئیدیۆم ناسکترین و وردترین هۆی رەوانبێژییە، گەلێك لەوە کاریگەرترە کە تۆ ڕاستەوخۆ ڕاستییەك ئاشکرا بکەیت و بیلێییت ،چونکە ئەم پاڵت پێوە دەنێت بیر لەقسەکە بکەیتەوە، ئەم ئیدیۆمانە لەناو جەرگەی خەڵکەوە هەڵقولاوە پەیوەندیشی بە فۆلکلۆر ئەوەیە، کە ئەم ئیدیۆمانە بەشێکیان لەسەر ئەفسانە و چیرۆکە ئەفسانەییەکان دانراوە کەڵك لە سەر گوزشتە و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان وەرگیراوە یان جاری واهەیە، کە ئیدیۆمەکە لە بنچینەدا پەندە، بە شێك لە پەندەکە، کە کرۆکی پەندەکەیە وەردەگیرێت ، بۆیە وەك بەشەکانی تری سامانی نەتەوایەتی (فۆلکلۆر) لەبەرهەمە سەرزاری یەکانی گەل دەژمێردرێ و خەڵك بەردەوام ڕۆژانە پەنای بۆ دەبات ،چ بەمەبەستی ڕەخنە ، یاخود لایەنی جوانکاری و بەهێزی کاریگەریی وتەکان .

- – نموونە :
- – دووزمانە
- زمانی درێژە
- –دەستی کورتە
- –دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکات

–دوکەڵ لەماڵیان هەڵناستێ

## -ئەفسانە:

ئەفسانە :بریتییە لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی زووی مرۆڤ بە خەیاڵ ، بۆئەوەی لە گەردوون و دیاردەکانی بگات یاخود لێکدانەوەی دەربارەی ئەو دیاردانە ، ئەگەر ڕۆژانێك ئەو بیرکردنەوە و خەیاڵانەش ، وەکو شتێکی پڕوپووچ سەیردەکرا ، ئەوا لە سەردەمی ئێستادا زۆربەی خەیاڵەکانی ناو ئەم ئەفسانانە بە دیهاتوون، بۆ نموونە لە ناو چیرۆکە ئەفسانەییەکان باسی"ئاوێنەی دنیابین"مان دەکرد ، وەکو شتێکی خەیاڵی، ئەوا ئەمڕۆ"سەتەلایت و ئینتەرنێت" هەمان ڕۆڵی ئەو ئاوێنە دنیابینەی ناو چیرۆکە ئەفسانەییەکان دەگێڕن ، بۆیە دەمانەوێت بلێین، ئەم ئەفسانەیە ، وەکو زانستی سەردەمە نوێیەکان بووە لێرەشەوە ئەفسانە بە هێزی زانستی سەردەمی سەرەتایی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت و ڕۆڵی خەیاڵ بە دەردەکەوێ، کە لە ڕێگای خەیاڵەوە ڕووداوەکانی ژیانی سەرەتای لێکدەدرایەوە.

## هەقایەت:

- هەقایەت، بریتییە لە گێڕانەوەی ، یاخود داڕشتنی ڕووداوێکی حەقیقی ،یا دروستکراو ، مێژوویەکی درێژی هەیە ، کە بەرەو پێش چوونێکی مێژوویی ئەفسانەیە و لە ڕووی داڕشتنەوە لەو دەچێت ...، وەك ئەفسانە دەماودەم و پشتاو پشت دەگێڕرێتەوە ئەم هەقایەتانەش لەناو جیهانی جووتیارو پاڵەدا پەرەدەگرێ تەواو پەیوەستە بە باری ژیانیانەوە، ئەم هەقایەتانە لە کاتی شەوانەدا دەگێڕدرایەوە، کە تەنها بۆ کات بەسەربردن نەبوو، بەڵکو ئامانجی سەرەکی گوزارشت کردن بوو لە حەزوو ئارەزووەکانی گەل، مەرجیش نییە ، ئەم هەقایەتانە هەر بەرهەمی خەیاڵی بن، بەڵکو زۆرجار...ژیانی ڕاستەقینەی کەسێك ، یا قارەمانێك ، یا فەرمانڕەوایەك ئەگێڕێتەوە.

گێڕانەوەکەشی دەوەستێتە سەر ئەو کەسەی دەگێڕێتەوە ، کە دەبوو هەقایەتەکە لە هزری دا هەبێ ، ئەگەر ئەو هەقایەتەی کە دەی گێڕایەوە هۆنراوەیێ ، یا پەندی پێشینانی تێدابوو ئەوە لە ئەزبەری دەکرد ، واتە دەبوو کەسێکی شارەزابێ هەر چەندە ئەم هەقایەتانە لەڕووی ڕوخسارەوە سیمایەکی سادەو ساکاری پێوە دیارە، بەڵاّم خاوەن ناوەڕۆکێکی بەرزە، کە ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵاّیەتیەکان و سیاسیەکانە تاکو ئێستاش کۆنترین هەقایەت لە هەقایەتەکانی "برایانی میسری" یە ، کە لە سەر کاغەزی (بەردی) تۆمار کراون و دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پێش زایین بەم جۆرە ئەم هەقایەتانەش بەردەوامی هەبوو، تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و دەرکەوتنی چیرۆکی هونەری نویێ ، تاکو ئێستاش کەسانێك حەز بەگوێ گرتنی ئەم هەقایەتانە دەکەن و تام و چێژی خۆی هەر ماوە.

-هەقایەت زۆر جۆری هەیە ، بەپێی ناوەڕۆك بەپێی زمان بەپێی خاوەنداری ، بەلاّم ئێمە لێرەدا دێین تەنها بەپێی ڕۆڵی پاڵەوان (کارەکتەر) باس لەجۆرەکانی هەقایەت دەکەین، کە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین سێ جۆر دەست نیشان بکەین:

**یەکەم-هەقایەتی خورافی**: لەم هەقایەتە خورافیانەدا سەردەمێك باس دەکرێ ، کەکۆمەڵە بونەوەرێکی سەیر ڕۆڵ دەگێڕن و دەژین ، کە شێوەو بوونیان نییە لەسەر ڕووی ئەم زەمینە خورافین و کاری سەرسوڕهێنەر و لەڕادەبەدەر ئەنجام دەدەن و توانایەکی بێ وێنەیان هەیە ئەوجیهانەی پاڵەوانەکانی ئەم هەقایەتانە پێشکەشمانی دەکەن ، جیهانێکی سەیرو سەمەرەو سەرسوڕهێنەر، پڕە لە جلیوەو چوونە شاری جۆراو جۆرو لەشاری ئەجندان و شاری پەرییان شاهی ماران و دونیای حەوت تەبەقەی ژێر زەوی و مەملەکەتی ناو دەریاو...... چەندان شتی لەم جۆرە ، کە لەم جیهانە ڕاستەقینەی خۆماندا نەبەرچاو دەکەون و نە بوونیان هەیە.

پاڵەوانەکانی ناو ئەو جیهانە پڕ سیحروخەیاڵ ئامێزە هەریەکەیان لە شوێنێکی تایبەت دەژین ،کە شوێنی هەندێکیان دیارەو هی هەندێکی تریان غەیبیە و پاڵەوانە مرۆڤەکان ناتوانن بیانگەنێ ، ئەو پاڵەوانانە دێوەکانیان بەزۆری شوێنیان ئەشکەوتە و جنۆکەکان بەزۆری لەناو دەریا، یان ئەنگوستیلەدان، ئەژدیهاکانیش لە حەوت تەبەقەی ژێر

زەویدا دەژین و هەشیانە نازانین لەکویێ دەژین ،بەڵام لەناکاو پەیدادەبن و لەناکاو ون دەبن.

**–پاڵەوانە خورافیەکان:**

یەکەم :– **بونەوەرە خورافیەکان: دێو ، ئەژدیها، جنۆکە**......هتد

دووەم:–**ئاژەڵی خورافی**: ئەم ئاژەڵانە دوو جۆرن:

أ– **هەیانە شێوەیمان لەجیهانی ڕاستەقینەدا هەیە ، بەڵام بەرگی خورافیان بە بەر داکراوە**،وەکو: **بەرانی ڕەش، مارو ئەسپ و مامز**

ب– **هەشیانە تەنیا وێنەیان لەمێشکی حەکایتخوانە و هەرکەسەو شێوەیەکی بۆ دێتە پێش چاو**، وەکو: **حەزیای چل سەر، ماری باڵدار و ئەسپی باڵدار......هتد**

**سێیەم:–هێزی سیحری**: وەکو : **کڵاوی سەخرەنجن، داری عەسا ، بەرماڵی فرین، ئەنگوستیلە**, ئاوێنە.....**هتد**

**چوارم–فریاد ڕەس**: پاڵەوانی چاکەو چاکەکارە بەدەرکەوتنی دەرگای خێر بەڕووی پاڵەوان دەکرێتەوە، ئەمەش وەکو: پیرێکی بەساڵاچووی خاوەن دانایی ، ئاژەڵی فریاد ڕەس.......هتد.

**دووەم–هەقایەتی گیانداران**: بریتییە لەو جۆرە هەقایەتانەی ، کە ئاژەڵ ڕۆڵی سەرەکی تیادەبینیێ، وەکو (ڕێوی و گوورگ و شێرو قەلەڕەش و.......هتد ) جۆرەکانی تریش لە گیانداران هەریەکەو بەگوێرەی پێویست دەوری تیا دەبینن و هەقایەتەکە لەڕێگەی ئەوانەوە ڕووداوەکانی دروست دەبیێ و بابەت و باسی جوان و گرنگی مرۆی پێشکەش دەکەن.

دیارە ئەمانە هەقایەتی لەبارەی خەیاڵ دامەزراون ، بەلاَم هەقایەتێکن پشت ئەستوورن بەواقیع ، چونکە بابەتەکانیان لەواقیع وەرگرتووە، ئەگەر سەیرکەین دەبینین ئەم هەقایەتانە لە ڕووی تەکنیك و دارشتن و بینای هونەرییانەوە وادەردەکەون، کە زۆر کورتن و بەشەکانیشی ژمارەیان کەمە ، لەوانەیە ئەمەش لەبەر مەبەست و ئامانجی ئەم جۆرە هەقایەتانە و ئەو کەسانەی بۆیان گێراینەوە ئەم جۆرە شێوازو تەکنیکەی لەخۆگرتبیێ، چونکە هەقایەتی گیانداران یەکێکە لەو هەقایەتانەی کە لەسەردەمە مێژوویە جیاجیاکان سەرنجی فەیلەسوف و زاناو دەسەلاَتدارانی ڕاکێشاوە، وەکو تیریێ پێکان خاڵی مەبەستداری حەکایتخوانی پێکاوە، هۆکارێکی تریش بۆ کورتی ئەم هەقایەتانە ، ئەوەبووە ویستراوە زوو بگەینریێ .

–هەروەها هۆکاری ئەوەش هەبووە ،کە حەکایەتخوان ئەم جیهان و ژینگە و کۆمەڵگایەی بۆ پاڵەوانە ئاژەڵەکانی ئەم هەقایەتانەی درووست کردووە ، لەهەقیقەت و ژیان و بوونی ئەوان دووربووەو هی مرۆڤەکانە بۆیانی هەڵبژاردووە، بۆیە پێ دەچێ ئەم شێوازە کورتەیان پێ پەسند بووبێ تاپەردەپۆشی ژیانی مرۆڤەکان بەم پاڵەوانە گیاندارانە بکەن و هەقیقەتی کەسایەتییەکانی کۆمەڵگای پێ پیشان بدەن .

- دەتوانین بڵێین گرنگترین مەبەست و هۆکارە سەرەکییەکانی پەنا بردنەبەر ئەم هەقایەتانە ئەمانەن:

یەکەم:– بۆچێژ بەخشین .

دووەم:– نەزانینی لێکدانەوەی زانستی بۆ ژیانی ئاژەڵان .

سێیەم:–سەرسام بوون بە ئاژەڵ لەڕووی هێزی جەستەییان ، و پێشبینی کردنیان □بۆ ڕووداوە سرووشتیەکان

□چوارەم:–هۆکاری سیاسی و ئامۆژگاری .

□پێنجەم:– مەسەلەی کۆمەڵایەتی

□شەشەم :–ڕەوشتی و فێرکاری

## سێیەم –هەقایەتی ئاسایی:

**مەبەست لەو هەقایەتانەیە ، کە کارەکتەرەکانی ئادەمیزادن** ، جا پاشاو خزمەتکارو میللەتن ، یان ژن و پیاون ، یان باوك و منداڵەکانیەتی ، یا هەرچەند ئادەمیزادێکن ، کە پەیوەندییەك پێکەوەیان دەبەستنەوەو ڕووداوەکانی هەقایەتەکە دروست دەکەن ، ئەگەر سەیری ئەم جۆرە هەقایەتانە بکەین لەڕووی هونەرییەوە ، کە پاڵەوانەکانی مرۆڤن دەبینین ئەو هەقایەتانەی ، ئەو ڕۆڵی سەرەکییان تیایدا دەگێڕیێ بەئەندازە درێژتر بەرچاو دەکەون و پلۆتی ڕووداوەکانی وردترەو سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی زۆر بەجوانی گرنگی دەردەکەوێت ، بۆیە پاڵەوانی مرۆڤ لەچاو پاڵەوانە گیاندارو خورافیەکان باڵادەسترو خاوەن پێکهاتەیەکی پتەوترە، لەڕووی کەسایەتی و بنەما مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

## -گۆرانی :

گۆرانی بەشێکی ترە لە بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری و بەو جۆرە گۆرانیانە دەوترێت **گۆرانی فۆلکۆری ، کە هەڵبەست و ئاوازە خاوەکانیان نا دیاربێت و بەناو ڕیزی خەڵکدا بڵاو بوو بێتەوە ئەم گۆرانیانە زمانێکی سادەو ساکاریان هەیە،** چونکە لەناو جەرگەی کۆمەڵ و ژیان و گوزەرانی زۆربەی خەڵکەوە هەڵقولاوە مرۆڤی کورد زۆر حەزی بە گۆرانی گوتنەوە بووە، بۆیە هیچ بۆنەیەك نییە، کە مرۆڤ تیایدا بیروڕای خۆی بە گۆرانی دەرنەبڕیبێ هەر لە کاتی کارکردنی ڕۆژانە و ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕو شۆڕو، یا لە کاتی بۆنە ناخۆشەکانی دا ، یا بەهۆی ئەو هەموو نەهامەتی و ناخۆشیانەی ، کە لە ژیان ڕووبەڕووی بۆتەوە، ئەمانە هەمووی وای کردووە، کە هەست و سۆزی خۆی بۆ ژیان دەربڕێ لێرەوە دەتوانین بڵێین :.

# ئەو بابەتانەی ، کە گۆرانی تێدا دەگوترێ ئەمانەن :

یەکەم:–جەژن و بۆنە ئایینی و پشووەکان .

دووەم: –خۆشەویستی و دڵخۆشی و بووك و لە دایك بوون .

سێیەم:–شەڕو جۆشدان و هەڵنان بۆ شەڕکردن .

چوارەم :–کارکردن .

پێنجەم:– یاری و ڕابواردن ( گاڵتە و گەپ و ڕابواردن) .

شەشەم:–سیاسەت.

حەوتەم:–پرسەو بۆنە ناخۆشەکان.

هەشتەم:–ژیانی ڕۆژانە و درێژەدان پێی ، کە پەیوەندی بە منداڵ هەیە لەلایەنی یاری و ڕابواردن و نووستنی.

مرۆڤ توانیویەتی سوود لە هەموو ئەم بابەتانە وەرگرێت و گۆرانی بە پێز و جوانی لێ بهێنێتە بەرهەم ، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین :**گۆرانی فۆلکلۆری بریتییە لە شێوە فۆرمێکی هونەری و کۆمەڵایەتی ، کە لە ناواخنیدا هەڵگری خاسیەتەکانی کۆمەڵگای گوندنیشینەکانە ، هەروەها لێکدەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سروشتی کارکردنیانە.**

- گۆرانی فۆلکلۆری لە رووی روخسارەوە ئەم بەشانە دەگرێتەوە: (بەیت, لاوك حەیران, بەستە, هۆرە, سیاچەمانە, مەقام ,کە مەقامیش بۆئەم جۆرانە پۆلین دەکرێ: ئەڵڵا وەیسی ,هیجران, قەتار,غەمەنگیز , نیوەشەوێ ..........هتد).

## گۆرانی لە ڕووی ناوەڕۆك لەم بەشانە پێك دێت :

یەکەم:-**گۆرانی کار** : ئەو جۆرە گۆرانییەیە، کە لەگەڵ کارکردندا دەبێژرێ و پەیوەندیی بە هیچ بۆنەیەکی دیکەوە نییە، وەك ساوار کوتان ، مەشکەژاندن ، دروێنە، شوانکاری ....هتد .

دووەم:–**گۆرانی بۆنەکان** : کە لەکاتی پێشهاتەکانی ژیان بە لایەنی خۆشی و ناخۆشی دەگوترێت ، **وەك خەنەبەندان ، منداڵ بوون ، پرسە گرتن ، دوورکەوتنەوە ، بووك گواستنەوە** .

سێیەم:–**گۆرانی ڕۆژانە** : وەك گۆرانی یاری ( منالأن و گەوران) ، گۆرانی لای لایە ، گۆرانی دلداری ) لێرەوە دەتوانین بلێین، کە ئەدەبی فۆلکلۆری لە گۆرانی دا یەکجار دەولەمەندە و خەلك زیاتر لەهەموو بەشەکانی تر پەنای بۆ بردووە و حەزی پێ کردووە و تائێستاش مرۆڤ نەی توانیوە خۆی لەم جۆرە گۆرانیە فۆلکلۆرییانە دابڕێت، چونکە لە ناو جەرگەی سروشتێکی جوان و دلڕفێن و لە ناو ناخ و دەروونێکی پاك و بێگەردی باپیرانمان هەلقولأون.

دوو نموونە وەردەگرین لەجۆرەکانی گۆرانی لە رووی روخسارەوە,
بە نموونە ( لاوك و حەیران ) زۆر بەکورتی ناساندنێکی کورت بۆ
هەریەکەیان دەخەینەروو .

## -لاوك :

### زاراوەی لاوك:

زاراوەی لاوك : وشەیەكی دێرین و ڕەسەنی هەڵقوڵاوی نێو كۆمەڵگەی كوردەوارییە ، كەواتای (گەنج، لاو ، خورت ، تۆلاز,....) دەگەیەنێ.

– لاوك:وشەیەكی دارێژراوە لەڕووی دارِشتنەوە، لە وشەی سادەی ( لاو) + پاشگری(ك) ، كە زیاتر بۆ بچووككردنەوەیە پێكدێت، كە زیاتر ڕەگەزی نێرە لەبەرئەوەیە زیاتر بۆ نێرینە بەكارهاتووە، ڕووداوی قارەمانێتی و داستانی ژیانی ئەوانی تۆماركردووە ، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا هەندێ جار مێینەش ڕۆڵی خۆی تێدا دەبینێ.

**پێناسەی لاوك :**

**لاوك بەزۆری بەشێوەی كرمانجی ژووروەوە : بریتییە لە هۆنراوەیەك ، كە نزیكە لە پەخشانەوە ، بەلاّم سەرواداره و ناوەرۆكی لاوك باسی قارەمانیەتی و شەروشۆرو سەرزەنشت و دلّداریی یە.**

**سەبارەت بە سنووری جوگرافیای لاوك ئێمە تەواو لەگەلّ ئەو بۆچوونەنین ,كە دەلیّ لاوك تەنها تایبەتە بەو هەرێمانەی كە ئاخاوتنیان بە دیالێكتی كرمانجی سەرووە ,بەلّكو رای خۆمان دەخەینە پالّ بۆچوونی ( د.شكریە رەسوول , ئەسعەد عەدۆ .... ) هەموو ئەوانەی پێیان وایە راستە مەلّبەندی سەرهەلّدانی لاوك كرمانجی باكوورە , رەسەنایەتی ( لاوك ) لەوێوە بەرەو ناوچەكانی تری كوردستان تەشەنەی كردووە و سنووری بەزاندووە بۆ بەشە دیالێكتەكانی تریش بەبەلگەی ئەوەی چەندەها تێكستی لاوكمان هەیە ,كە شێوەزاری سۆرانی تێكەلّكراوە چەندەها لاوكبێژی بە تواناشمان تێدا هەلّكەوتووە , وەكو ( جەمیلە كۆری دارەتوو و حەمەد ئاغای مەندۆ و حاجی مەحموود جەنگە...... ) , بەلاّم نكۆلّی لەوەناكریّ كەلاوك بەشێوەزاری كرمانجی سەروو زیاترە و بگرە رەسنتریشە لەكۆتایدا بە پێی هەموو ئەوبۆچوونانە بۆمان دەردەكەویّ كەلاوك پانتایەكی یەكجار زۆری گرتووە لە جوگرافیای كوردستاندا بەجۆرێك سنووری خۆی بەزاندووە بۆ هەموو بەشەكانی كوردستان تەنها هەندێك شوێن نەبیّ لەباشووری كوردستان رۆژهەلاّتی كوردستان ئەگینا لاوك تام وبۆیە خۆشەكەی خۆی خزاندۆتە هەموو كون و كەلەبەرێكی ئەم كوردستانە.**

## -جۆرەکانی لاوك بەپێی ناوەڕۆك:

- دیارە لاوك زۆر جۆری هەیە ، بەڵاّم ئێمە وەکو نموونە سێ جۆر باس دەکەین:
- **یەکەم–لاوکی دڵداری و خۆشەویستی:**

باسی خۆشەویستی و دڵداری نێوان کچ و کوڕێکمان بۆدەکات، کە چۆن لەپێناوی عیشقێکی پاکدا خۆیان کردۆتە قوربانی و خۆشەویستییەکەیان پڕە لە سۆزو وەفاداری و خۆشەویستێکی پاك و بێگەرد، لەهەمان کاتدا پڕە لەخەم و ئازار خۆی بەرەوشتی پاك و بەرزەوە دەبەستێت لەگەڵ خۆشەویستییەکی دژوار و دوورودرێژ بەجۆرێك هەردووکیان سوێندخۆری یەکترین و بەڵێنی مان و نەمان بەیەك دەدەن و هەرگیز خیانەت لەیەکتری ناکەن.

گەلێك لاوكمان هەیە باسی ئەو سوارچاك و شۆڕەسوارانەمان بۆ دەكات ، كە ئەو پەڕی ئازایەتی و جوامێری خۆیان دەخەنەكارو هەوڵدەدەن بۆ گەیشتن بە دڵدارەكەیان ، بەلأم زۆربەیان ناگەن بەیەكتری و دەبنە قوربانی داب و نەریت و ناكۆكی هۆزو كێشەی چینایەتی ئەو سای كۆمەڵگای كوردەواری ، نموونە لاوكی (دەروێشی عەبدی) باسی خۆشەویستی و عاشقی بێ وێنەی نێوان ( عەدلەخانی كچی زۆر(تەمەر) پاشای میللی ، كە موسڵمانە لەگەڵ ( دەروێشی عەبدی) ، كە شۆڕەسواری ئێزیدیانە ئاگری عیشق جیاوازی ئایینی لەنێوان هەڵگرتوون و (عەدلەخان) لەبەر چاوی باوك وبراو عەشیرەتەكەی بە بەژنی دڵدارەكەی واتا(دەروێشی عەبدی) هەڵدەلێ.

## دووەم - لاوکی نەتەوەیی و ڕامیاری :

زۆر لاوکمان هەیە باسی هەستی نەتەوایەتی و بزافی رزگاریخوازی گەلی کوردو شۆرش و بەرخودان و خەباتی نەپساوەی گەلەکەمان دەکەن لە هەموو بەشێکی کوردستاندا ئەم جۆرە لاوکانە گرنگی و دەورێکی زۆریان هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانمان و زیندوکردنەوەی ئینتیمای خۆشەویستی بۆ خاك و گەل و نیشتیمانیان و شارەزابوون لە رابردووی گەلەکەیان و ناسینی دۆست و دووژمنی خۆیان ، تەنانەت ئاشنابوون بەهەموو مێژوویان ، لاوکی نەتەوەیی جگە لەوەی باری ڕامیاری کوردو سیاسەتی سەرکردە و میرو بەگە کوردەکانمان نیشاندەدات ، وەکو هاندەرێکیش دەوری بینیوە بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و چاندنی تۆوی خۆشەویستی کوردستان لەدڵی ڕۆڵەکانمان .

-بۆ نموونە: کاتێ لاوکبێژ و هونەرمەندی گەورەی میللی ( شڤان پەروەر) کاتێ باس لە کارەساتە جەرگبڕەکەی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات لە ڕێکەوتی ترسمتیتیتر،

کە چۆن رژێمی بەعسی بێ بەزەیانە کەوتۆتە گیانی خەڵکی سڤیلی ئەو شارە.

-یان بۆنموونە ( لاوکی مێرۆ) :.

ئەم لاوکە پەردە لەڕووی گۆشەیەك لە بێزاریی نەتەوەی کورد لە داگیرکردنی عوسمانی بۆ لائەدا، لەم لاوکەدا دەرئەکەوێ، کە مێرۆ ناوی سەردارێکی کوردە لە ناوچەی جزیرەی بۆتان لە تورکەکان یاخی ئەبێ ، و لەشکرێکی گەورەی تورك بەسەرکردایەتی عەلی عوسمان پاشا ناوێك دێتە سەری ، لەو شەڕەدا نەجیم ، یا نەجیبی برای کچەکەی مێرۆ ئەکوژێ و لەشکری تورك قەلاَکەی مێرۆ ئابلۆقە ئەدا ، پاشان مێرۆش ئەگیرێ، خەلەف ئاغا ناوێك بووە لە گەورەکانی ئەو ناوچەیە دەسەوداوێنی عەلی عوسمان پاشا ئەبێ ، کە دەستی مێرۆ کەلەپچە ئەکا .

## سێیەم- لاوکی غەریبی:

ئەو لاوکەیە ، کە لاوکبێژ بەهۆی دابڕان و دوورکەوتنەوەی لە خۆشەویستەکەی ، یان کەس و کاری یان گوندەکەی یان هۆزەکەی یا ئەوەتە لە وولاٌتەکەی بەسۆز و ئاوازێکی غەریبی دەیچرێ و یادیان دەکاتەوە ، کێ هەیە لەم کوردستانەی ئێمە خەمی دووری و ئازارو ئێشی غەریبی نە چەشتبێ ، بە دابران لە خۆشەویستەکەی و کەس و کاری بەگەلێك هۆی سیاسی و کۆمەلاٌیەتی ...هتد دلٌی نەبووبێ بە ئاو.

-بۆ نموونە: لە لاوکی ( **گەنج خەلیل**) دا کاتیٚ ( حەوسەد)ی دەستگیرانی غەریبی

هەڵدەستیٚ لە دووری ( گەنج خەلیلاغا) ی ئامۆزای دەڵیٚت:

سبەینیٚ دەچمە سەر ڕێیە دادەنیشم بە عەینییە،

دەپرسم لە ڕێبواران، لە ولاٚخداران، لە کاروان چییە.

ئەو سالٚ حەود ساڵە لە شاری شامیٚ سەرکردەی لەشکرییە،

بیٚ سەوداو سۆراخ ڕۆیشتووەو **هیچ** خەبەرم لیٚ نییە،

داخوا ئامۆزایە، خۆم ماوە، یانە، مردییە.

دەوەرە لیٚ لیٚ ، وەرە لیٚ لیٚ ، وەرە نەمایە،

پاش گەنج خەلیلیٚ کوڕە مامیٚ خۆ نەمینم لە دنیایە.

## -حەیران:

پارچەیەك شیعری ئازادە، یانیش پەخشانە شیعرێکە ، کە درێژی و کورتی دێڕەکانی بە هیچ کێشێکی عەروزی ، یان پەنجەی پێوانەیی ناپێورێ ، بەڵکو بەپێی مانای پێویست و تواناو زەوقی حەیرانبێژەکە لەدەربڕین درێژو کورت دەبێتەوە ، وشەو دەستەواژەو ڕستەکانی هەمیشە ڕوون و ئاشکران ، مجاز و کینایەی دەکەوتە ناو، بەلاَم ئەوانیش ڕوونن و گوێگر ماندوو بوونێکی زۆری ناوێ بۆئەوەی تێیان بگات ، زمانەکە ناوچەییە لەبەرئەوەش دەشتی هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەری هەولێربوونەتە مۆڵگەی دروستبوونی حەیران ، بۆیە زمانی حەیران ، بەزۆری شێوەزاری دەشتی هەولێرە ، کە یەکێکە لە شێوەزارەکانی کرمانجی خواروو ، بەشێوەزارەکانی دیکەش ، وەکو خۆشناوەتی و باڵەکایەتی و مهاباتی و .....هتد هەیە .

## -بابەتەکانی حەیران:

لەسەرەتاوە بۆ نازدارحەیران گوتراوە، بەلاَم دواتر بابەتی ئایینی و سیاسی و کۆمەلاَیەتی دیکەشی کەوتۆتە ناو.

## -سنوری جوگرافیای حەیران ( مۆڵگەی سەرەکی حەیران):

– ئەحمەد قەندیل لە کتێبی ( بنیاتی هونەری حەیران) ، کە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگە لەبارەی حەیران بەدرێژی بەدوایی لانەی دروستبوونی چووە پێی وایە: ئەم هونەرە لانکەی سەرەکی (مهابادە) لە ڕێگەی دزەییەکانەوە ، کە هاتوونەتە دەشتی هەولێر گەیشتۆتە دەشتی هەولێر لەوێ گەشەی کردووە و بەرەو پێش چووە.

لەوەشدا پێچەوانەی زۆربەی ئەو نوسەرو فۆلکلۆرناسانە قسەی کردووە، کە لەبارەی حەیران نووسیویانە: حەیران هی بەشە دەشتاییەکەی هەولێرە و لەوێ لەدایکبووە و مۆلگەی دروست بوونی حەیران دەشتی هەولێرە.

– ئەسعەد عەدۆ دەڵێت: هاتوومەتە سەر ئەو قەناعەتەی ، کە دەشتی دزەییاتی شوێنی لەدایکبوونی حەیرانە.

- حەمەی حەمە باقی: کەخۆی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلأته ، کە شوێنی دەرکەوتنی حەیران دەستنیشان دەکات دەڵێت: حەیران لە قەرەچوغ و بێژینگ بەسەرو کەندێناوەو زورگەزراو و شەمامك و هەولێر و سەفین و هەیبەت سوڵتان و زینوێی شێخی و ڕەواندز و هەندرێن و زۆزگ و گەلی عەلی بەگ و داری شەکرانیٚ و خۆشناوەتی و پشتدەر) ، دەبینین لەم هەمووئەو ناوچانەی حەمەی حەمە باقی بۆشوێنی گوتنی حەیران دەستنیشانی کردوون، لەدوور و نزیکەوە باسی ناوچەی (دزەی) مهاباتی تێدانییە و بەپێچەوانەشەوە شوێنەکانی لەسەرەتاوە ناوی بردوون هەمووی هی دەوروبەری هەولێرن.

– هومەر دزەیی: لەکتێبەکەی خۆیدا ( هەولێك بۆ تێگەیشتنی حەیران) ڕای چەند نوسەرێ وەردەگرێ یەك لەمانە ڕای مامۆستای حەیران لەدەشتی هەولێر وەردەگرێ، کە ئەویش مام ( جمیلی عەلیاغای دزەیی)یە ، یانی ئەویش دزەییە، کە یەك لە وەستا لێهاتووەکانی حەیران بووە، لەچاوپێکەوتنێکدا پێی گوتم: ولأتی ڕەسەنی حەیران دزەییاتی و گەردییاتییە ، ئیتر لەوێوە پەڕیوەتەوە سۆران و موکریانیش ، کە ئەوێ زیاتر مەڵبەندو سەرچاوەی ( بەیت) ی کوردییە نەك حەیران، کەواشبێ ئەو ڕایە زۆر بەهێزە ، کە دەڵێ: مەوتنی حەیران هەولێرە و لە مهابادەوە نەهاتۆتە هەولێر بەپێچەوانەوە لە هەولێر و بەتایبەتیش لە ناوچەی دەشتە دزەییاتیەکەی هەولێر بەرەو ناوچەکانی ترو مهابادی خۆشەویستیش چووە, ئەمانەو چەندین ڕای تری جیاواز هەیە لە سەر مۆڵگەی سەرهەڵدانی حەیران بەلأم ئێمە لێرەدا تەنها ئەم چەند ڕایەمان بەکورتی خستەڕوو.

## -تایبەتمەندی حەیران:

**یەکەم:-** حەیران لەسەرەتاوە ناوەڕۆکەکەی باسی ( کچەتیم حەیران) بووەو هەر بە بەژن و بالأی ئەو کچە هەڵیگووتوەو وەصفی بەژن و بالاٚ و جوانییەکانی و دڵی ڕەق و تایبەتمەندییەکانی تری ئەو کچەتیم حەیرانەی کردووە.

دووەم:- لەپاشاندا حەیران مەبەستەکانی تریشی تێکەوت لەوانە مەبەستی ئایینی و کۆمەلأیەتی و ئابووری و دەرونیەکان......هتد.

سێیەم:- حەیران بەشێوازی گێرانەوە پێشکەش دەکرێ و وەصفیش لەناویدا پێکهاتەیەکی سەرەکییە.

چوارەم:– حەیران  بەشێوە زارەکان نووسراوە ، بەتایبەت شێوەزاری هەولێرو مهاباد و کەم و زۆرێك بەشێوەزاری ناوچەکانی تر.

پێنجەم:– زۆربەیان ئاخ و دەردەدڵن و کوڕە حەیرانەکە لەناویدا بە ئاوات ناگات و هەر لەخەم و خۆزگەو دڵە کوتێدا دەمینێتەوە.

شەشەم:– شیعرەکەی شیعرێکی ئازادە و بە ئازادی کێش و سەروای بەکارهێناوە.

حەوتەم:–لەڕووی بنیاتی زمانییەوە ڕوون و ئاشکرایەو چەندین دەربڕینی بەلاغی تیادا هاتووە، بەلاَم ئەو دەربڕینە بەلاغییانە گشتین و خەڵك بە ئاسانی تێیان دەگات ، ناچنە خانەی ئالۆزی .

هەشتەم:– رستە و دەربڕینەکانی حەیران خەبەرینە و باسەکانی خۆیان بەشێوەی خەبەر دەگەیننە بیسەر.

نۆیەم:– حەیران – کێشی ئازاد بەکاردێنیَ بۆ نموونە:

ئەرێ براینە بەوێ سبیانێ (دە) بڕگەیە

چەندی گاس دەکەم دەرێم (حەوت) بڕگەیە

لەزوران لەزوری زەرگەتەنێ (دە) بڕگەیە

بایێ شەمار بەوێ سبیانێ دەبزێوی (دوازدە) بڕگەیە

دەیەم:- هەرچی (سەروا) شە ، هەر لەو پارچە حەیرانە ، دەبینین ، سەرواش هەیە، بەلاَم سەرواش ئازادە ، بۆنموونە:

...........سبیانێ

..........زەرگەتەنێ

..........سبیانێ......... دەبزێوێ

دەبینین پیتی (ن) پیتی ڕەوییە و ( سەروای) ئەو بڕگەیەی دروستکردووە، (ێ) پاش سەروایەو جوانییەکی داوەتە سەرواکان.

## -داستان:

داستان : شیعرێکی چیرۆك ئامێزە سەر گوزشتەیەکی ڕووداو دەگێڕێتەوە ،کە بە ژیانەوە بەستراوە ڕووداوەکانیشی لە ڕاستی و خەیاڵەوە ئاوێتەن باسی بەسەرهاتی پاڵەوانەکان دەکات، کە ئەو پاڵەوانانەش هەندێکیان خواوەند و هەندێکی دیکەیان پاڵەوانی میللی و پیاوی ئایینی شارستانییە کۆنەکانن ، ئەمەش لە ناو گشت میللەتان و شارستانیەتەکاندا هەیە، بە تایبەتی میللەتانی هیندو ئۆروپی، کە کوردیش یەکێکە لەم میللەتانە خاوەن چەندەها داستانە و ئەم داستانانەش لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دوو جۆری هەیە ، داستانی دڵداری ، کە باس لە خۆشەوستیەکی پاك و بێ گەردی کورد دەکات ، وەکو داستانی "شیرین و فەرهاد" و " خەج و سیامەند" ، لەگەڵ داستانی قارەمانیەتی ، کە باس لە نەبەزی پاڵەوانان و هەرای جەنگ ، یا ڕووداوی سەرسورهێنەر ، کە لە کارەساتی ژیانی

کۆمەڵگای کوردەواریمان دەدویَ ، بۆیە دەتوانین بڵێن : داستانە کوردییەکان بە شێوەیەکی گشتی تەنها کار لەسەر وێنەی پاڵەوانەکان ناکەن ، بەڵکو وێنەیەکی تەواو دەربارەی شەڕو شۆڕەکان و چۆنیەتی بەیەك گەیشتنی قارەمانە سوار چاکەکان و پەیوەست بوونیان بە خاك و نیشتمان و خۆبەخت کردن لە پێناوی دا بە دیار دەخەن ،کەواتە بەهۆی ناوەڕۆکی ئەو داستانانە دەتوانین بە ئاسانی چۆنیەتی ڕووداوەکان و کات و شوێنی ڕووداوەکان دەست نیشان بکەین .